www.kurdistannet.org
16-10-2006 7:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# شەرع و مامۆستا مەلا عومەر چنگنیانی و هەندەران ... تریفە نەوزاد

کۆمەڵگەی کوردەواری وەک کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی لەمەش بەدەر بە بۆچونی ئیسلامی یان کەلتوریکی کوردەواری چەندین شت لە پرۆسەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا تایبەتمەندیەک و شەقڵێکی کوردەواری لە خۆ گرتوە، دور لە ئاراستە کراوە ئاینیەکانیش هەموو رێککەوتنێک رەزامەندی نێوان دوو لایەن یان دوو کەسە، ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم ئەو تێبینیانە بوو مامۆستا مالا عومەر چنگنیانی لە کەناڵی زاگرۆس ت. ڤ یەوە تیشکی خستنە سەر، سەبارەت بە شەرع و مارەبڕین و هاوسەریەتی، بە ئاشکراش روی بانگەوازی ئیسلامی و کوردەواری دەکردە ئەوانەی لە هەندەران لە رەسمیاتدا لە ژنەکانیان جیا بونەتەوە، دیاریشە زانیاری تەواوی لەسەر رەوشەکە هەبوو، هەر بۆیە دەیووت: ئەوانەی لە پێناوی وەرگرتنی دوو خانوو، دوو مانگانەو بە کرێ دانەوەی یەکێک لە خانوەکان لە رەسمیاتدا لە ژنەکانیان جیادەننەوە و گوایە پێکەوە هەڵناکەن یان ئەوانەی لە هەندەران بە رەسمی لە ژنەکانیان جیادەبنەوە و دێنەوە بۆ کوردستان تا لە کوردستان کەسابەت بکەن یان لە شوێنێک دامەزرێن و پارەیەک مسۆگەر بکەن و مانگانەکەی هەندەرانیش دەخەنە سەر ژنەکانیان و تا ئەویش وەربگرن، ئەمانە تەنیا فێل لە خۆیان دەکەن هەر کەس لای مەلا یان لای هەر دەزگایەکی رەسمی لە ژنەکەی جیا بۆوە، وەک یەکە، بە واتای ئەوە بە پێی شەرع تەلاقی پیاوەکە کەوتوە ئەمەش دیسان بە واتای ئەوە دێت هەموو جیماعێک لەوە دەدوا لە نێوان ئەو ژن و پیاوانەدا دەچێتە خانەی - زینا - وە، جا گەلی براینە بزانە تەماع و هەڵپە جگە لەو بێهەڵوێستیانەی لەو جۆرە کەسانەدا دەیخولقێنێت، چۆن بێ حورمەتی بە ژیان و کەلتور و حەڵاڵ و حەرام دەکەن، چۆن وەک دزێکی شەرمەزار لە ترسی رەسمیات کە دنیا تاریک بێت ئەو کات دەچنەوە نێو ماڵ و منداڵیان نەوەک یەکێک خەبەریان لێبدات و یەک لە دوو مانگانەکەیان ببڕدرێت، لە کوردەواری خۆماندا دەوترێت منداڵێک بەرهەمی زینا بێت ناو دەبرێت بە زۆڵ.. جا ئاوا بڕوات زۆڵە کورد هێندەی تر زۆر دەبن و دەبێت کیتاب بۆ ئەخیرەکەی بگرێنەوە، لێرەشەوە روی دەمم دەکەمە مامۆستا مەلا عومەر و دەپرسم ئایە دەبێت ئەم حاڵەتانە بە جاش چاک بکرێنەوە... ؟